سودانی بە حەلبوسی جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی ئەرکە یاسادانانەکانی پەرلەمان کردەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانیی،پێشوازی کرد لە سەرکی ئینجومەنی نوێنەران هەیبەت حەمەد حەلبوسی.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاندووە: "سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانیی،پێشوازی کرد لە سەرکی ئینجومەنی نوێنەران هەیبەت حەمەد حەلبوسی".

ئاماژەی بۆشکرد کە، "لە میانی دیدارەکەدا پێداچوونەوەیان بە پێشهاتەکان لە بواڵە جیاجیاکاندا کرد و گفتوگۆیان لەسەر وتوێژی بەردەوامی نێوان هێزە سیاسییەکان و گرنگی بەردەوامبوونی کرد، بە جێبەجێکردنی شایستە دەستوورییەکان، دوای ئەوەی خەڵک مافی دەنگدانی خۆی بەجێ گەیاند".

بەگوترەی ڕاگەیەندراوەکە ، سودانی "جەختی لە گرنگی ئینجومەنی نوێنەران نوێ کردەوە کە ئەرکە یاساییەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ بە پشتیوانیکردن لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بەدیهێنانی خواستەکانی هاوڵاتیان".